# بەرخی تێپەڕبوون

دەرچوون ١١، ١٢

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن فیرعەون هەوڵی دا دژ بە خودا ڕاوەستێ.  پەروەردگار مەبەستی ڕزگار کردنی گەلی ئیسرائیلی هەبوو کەوا بەندەبوون لە میسر، بەڵام پاشای میسر سوور بوو لەسەر هێشتنەوەیان وەك کوێلەی خۆی.  بەڵام، (بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ).  بۆیە، بینیمان چۆن خودا نۆ پەتای سامناکی بەسەر میسردا هێنا بە ووشەی موسا و هارون.  لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەموو موعجیزانە و نیشانانە وای نەکرد فیرعەون مل کەچی ووشەی  خودا بێت و واز لە گەلی ئسرائیل بێنێت ولآتەکەی بەجێ بێڵن.

ئێستاش پلانمان وایە بەردەوام بین لە چیرۆکەکە و ببینین چۆن خودا دوایەمین پەتا بەسەر فیرعەوندا دێنێ، کەوا دەیەمین پەتایە، کە وابکات فیرعەون لێ بگەڕێ گەلی ئیسرائیل میسر بەجێ بێڵن.  لە وانەی ڕابردووماندا، خوێندمان لە فیرعەون بوو لەپاش پەتای نۆیەم بە موسا و هارونی ووت، (لەلام بڕۆ، ئاگاداری خۆت بە نەیەیتەوە بەرچاوم، چونکە ئەو ڕۆژەی ڕووم ببینیت دەمریت.) (دەرچوون ١٠: ٢٨)  ئێستاش با لە بەشی یازدەهەم بخوێنینەوە و گوێ بگرین بزانین چۆن خودا خۆی وەڵامی فیرعەونی دایەوە، لە ڕێگای موساوە.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:  (دەرچوون ١١)  ٤موسا وتی: (خوداوەند ئاوا دەڵێت، (من لە دەوروبەری نیوەشەودا  دەردەچم بۆ ناو
میسر. ٥ هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسردا دەمرێت، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەختەکەی دانیشتووە تا نۆبەرەی  ئەو
کەنیزەیەی لە پشت دەستاڕە و نۆبەرەی هەموو ئاژەڵیماڵێکیش. ٦ هاوارێکی مەزنیش لە هەموو خاکی میسردا دەبێت کە وەک ئەوە
نەبووە و جارێکی دیکەیش نابێت. ٧ بەڵام بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل تەنانەت سەگیش لێیان ناوەڕێت، نە بە خەڵک و نە بە ئاژەڵ،)
تا بزانن خوداوەند جیاوازی لە نێوان گەلی میسری و ئیسرائیلیدا دەکات. ٨ ئیتر هەموو خزمەتکارانت دێنە لام و کرنۆشم بۆ دەبەن و
دەڵێن (دەربچۆ خۆت و هەموو ئەو گەلەی لەدواتن،) ئیتر دوای ئەوە دەردەچم.) ئینجا موسا بە تووڕەییەوە لەلای فیرعەون دەرچوو.

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن خودا پلانی دانا پەتایێك بەسەر خاکی میسردا بێنێت کەوا خراپتر بێت لە هەموو پەتاکانی پێشتر بەسەر میسردا هاتبوو.  خودا مردنی بەم زووانەی هەموو نۆبەرەیێکی ڕاگەیاند لە میسر.  چ پەتایەکی ترسناکە !  ئەی چی بەسەر نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل دێت؟  ئایا ئەوانیش وەك نۆبەرەکانی میسر دەمرن؟  بێ گومان، ئەوان شایەنی بەرنەکەوتنی دادوەری خودا نەبوون، لەبەر ئەوەی ئەوانیش گوناهبار بوون، هەر وەك هەموو خەڵکەکەی میسر.  بەڵام، خودای دڵسۆز و بە بەزەیی، نەخشەیەکی داڕێژا بۆ پاراستنی گەلی ئیسرائیل لەو پەتایە.

با بەردەوام بین لەبەشی دوازدە و بزانین خودا چی بە موسا فەرموو ڕێنمایی گەلی ئیسرائیل بکات بیکەن بۆ ئەوەی نۆبەرەکانیان بەر
مردن نەکەون.  نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:  (دەرچوون ١٢)  ١خوداوەند لەگەڵ موسا و هارون لە خاکی میسردا دووا و فەرمووی...
٣ لەگەڵ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلدا بدوێن و بڵێن، لە دەی ئەم مانگەدا با   هەریەکە کاریلەیەک بۆ خۆی ببات بە گوێرەی
ماڵەباوان... ٥ دەبێت کاریلەی ساغ، نێر، یەک ساڵە دانێن بۆ خۆتان، لە بەرانەکان یان لە گیسکەکان هەڵیان دەگرن. ٦ لە ژێر
پارێزگاریتان دەمێنێت تا ڕۆژی چواردەی ئەم مانگە، ئینجا هەموو کۆڕی کۆمەڵی ئیسرائیل لە کاتی خۆرئاوابووندا سەری دەبڕن. ٧ لە
خوێنەکەش هەڵدەگرن و لە هەردوولای دەرگاکان و سەری دەرگاکانیشی ئەو ماڵانەی دەدەن کە تیایدا دەیخۆن. ٨ گۆشتەکەش لەو
شەوەدا برژاو بە ئاگر دەیخۆن لەگەڵ نانی فەتیر و لەگەڵ گیای تاڵ. ٩ نەکەن بەخاوی یان لێنراو بە ئاو بیخۆن، بەڵکو بە ئاگر برژاو
بێت، سەری و پێی و هەناوی... ٤٦ لە یەک ماڵدا لە گۆشتەکە دەخورێت و لە ماڵەکە ناچێتە دەرەوە و هیچ ئێسکێکی لێ ناشکێنرێت.
١١ ئاواش دەیخۆن، ناوقەدتان بەسترا بێت و سۆڵەکانتان لە پێتاندا بێت و گۆچانەکانتان بە دەستتانەوە بێت، بە پەلە دەیخۆن،
(پەسخە)یـە بۆ خوداوەند.

[١٢] (من ئەم شەو بە خاکی میسردا تێپەڕ دەبم و لە هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسردا دەدەم، لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خودایەکانی میسرییەکاندا دەدەم، من خوداوەندم. [١٣] خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تیایدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم، ئیتر لێدانی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێک لە خاکی میسر دەدەم.

با لێرە ڕاوەستین، ئەو پلانەی خودا دەبینی کە ڕایگەیاندبوو بۆ ڕزگار کردنی کوڕە نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل لە مردن و هەروەها ڕزگار کردنی هەموو گەلی ئیسرائیل لە کویلەییان لە میسر؟ پلانێکی سەرسوڕهێنەر بوو، پلانێك بوو کە لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی مرۆڤدا زۆر بێ مانا بوو. خودا نیازی ڕزگارکردنیانی هەبوو لە ڕێگای خوێنی بەرخێك — خوێنی بەرخێکی بێ عەیب — خوێنێك کەوا بە چوارچێوەی دەرگای خانووەکانیانی بساون. تەنها خوێنی ئەو بەرخە دەتوانێ نۆبەرەکانیان لە مردن ڕزگار بکات.

لەپاش ئەوەی خودا لە قسەکردن لەگەڵ موسا و هارون تەواو بوو، ڕیش سپییەکانیان خڕ کردەوە، و هەواڵی ووشەی خودایان پێ ڕاگەیاندن سەبارەت بە قوربانی بەرخەکە. کاتێ ڕیش سپییەکانی گەلی ئیسرائیل گوێیان لێ بوو چۆن خودا پلانی ڕزگارکردنی نۆبەرەکانیانی داوە لە مردن، کڕنۆشیان برد و خودایان پەرست. لە پاش ئەوە، ڕیش سپییەکانی ئیسرائیل و هەموو خەڵکەکە هەرچی خودا بە موسای ڕاسپاردبوو کردیان بە تەواوی. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١٢) [٢٩] ئەوە بوو لە نیوەی شەودا خوداوەند لە هەموو نۆبەرەیەکی خاکی میسری دا، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەخت دانیشتووە تا نۆبەرەی ئەو دیلەی لە بەندیخانەیە و هەموو نۆبەرەکانی ئاژەڵیماڵیش. [٣٠] جا فیرعەون شەو هەستا، خۆی و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو میسرییەکان، هاوارێکی مەزن لە میسر پەیدا بوو، چونکە هیچ ماڵێک نەبوو مردووی نەبێت.

ئایا خودا دادوەری خاکی میسری کرد هەر وەك فەرمووی بووی؟ بەڵێ دادوەری کرد! لە نیوەشەودا، فریشتەی لەناوبردن (کەوا هەندێك پێی دەڵێن عزرائیل) بەناو خاکی میسردا تێپەڕی و پەلاماری هەموو نۆبەرەیەکی دا، لە نۆبەری فیرعەونەوە تاکو نۆبەرەی ئەوەانەی لە زیندان بوون. لەو شەودا، گریانێك و هاوارێکی مەزن دەنگی دایەوە لە میسر، لەبەر ئەوەی تاکە ماڵێکی میسری نەبوو بە بێ کەسێکی مردوو!

ئەی چی ڕووی دا لە ماڵی گەلی ئیسرائیلیەکان؟ ئایا خودا نۆبەرەکانیانی ڕزگار کرد لە مردن؟ تۆ چی دەڵێی؟ خودا بەڵێنی پێیان دا و فەرمووی، (کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم). گەلی ئیسرائیل چوارچێوەی دەرگای ماڵەکانیان بە خوێنی بەرخ سوور کردبوو، هەروەك چۆن خودا ڕایانیسپاردبوو. لە دەرئەنجامدا، تەنانەت یەك مردووش نەبوو لەنێوان نۆبەرەکانیان. بەڵام لە ماڵی میسرییەکان، هەموو نۆبەرەکان مردن لەبەر ئەوەی بەشدار نەبوون لە ڕێگای خودا بۆ ڕزگار بوون، کەوا ڕێگای خوێنی بەرخێکە. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١٢) [٣١] ئینجا بەو شەوە فیرعەون موسا و هارونی بانگ کرد و وتی: (هەستن لە نێوان گەلەکەم دەربچن، ئێوە و هەموو نەوەی ئیسرائیل، بڕۆن خوداوەند بپەرستن وەک خۆتان داواتان کرد. [٣٢] ... و هەروەها بۆ منیش داوای بەرەکەت بکەن! [٣٣] میسرییەکانیش زۆریان لە گەلەکە کرد تا پەلە بکەن لە ڕۆیشتنیان لە خاکەکە، چونکە وتیان، (ئەگینا ئێمە هەموومان دەمرین!)

لە کۆتاییدا، فیرعەون هیچ چارەی نەبوو تەنها واز هێنان و لێ بگەڕێ گەلی ئیسرائیل بڕوات. تائێستا بینیمان چۆن یەکەم جار فیرعەون بە موسا و هارونی ووت، (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.) بەڵام لە کۆتاییدا، فیرعەون و هەموو میسریەکان ناچار بوون کە دان بنێن کە خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خودای باڵادەستە، و زۆر بە هێزترە لە هەموو بتەکانیان و نوشتەکانیان و جادووکەرانیان! (بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ) کەس ناتوانێ لەگەڵ خودا شەڕ بکات و بیباتەوە!

لەو شەوەدا، گەلی ئیسرائیل لە خاکی میسر دەرچوون، وە بە سەروەت و سامانێکی زۆر کە میسرییەکان پێیان بەخشین دەرچوون. نووسراوی پیرۆز دەفەموێ: (دەرچوون ١٢) (٣٥ هەروەها نەوەی ئیسرائیل وایان کرد وەک ئەوەی موسا وتی، داوای خشڵی زیو و خشڵی زێڕ و جلوبەرگیان لە میسرییەکان کرد. ٣٦ خوداوەندیش ڕەزامەندی بە گەل بەخشی لەبەرچاوی میسرییەکان، جا بێ سێودوو پێیان دان و ئەوانیش میسرییەکانیان تاڵان کرد... ٤٠ ئەو نیشتەجێبوونەی نەوەی ئیسرائیلیش کە لە میسردا نیشتەجێبوون چوار سەد و سی ساڵ بوو.)

ئەم هەموو شتە ڕووی دا تاکو بەڵێنی خودا بۆ ئیبراهیم جێ بەجێ بکات کە سەدان ساڵ لەوە پێش پێی دابوو، فەرمووی، بە دڵنیاییەوە بزانە کە وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێنەوە. ١٤ بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە. (پەیدابوون ١٥: ١٣، ١٤)

ئەم چیرۆکەی بینیمان، کە ناسراوە بە تێپەڕبوون، وەك زەریایەکی قوڵ و پانە کە پڕە لە گەنجینەی شاراوە. زۆر شت هەیە کە دەکرێ باسی بکەین دەربارەی ئەم چیرۆکە. بەڵام کاتمان نەماوە باسی ئەو هەموو ڕاستییانە بکەین کە لەناو ئەم چیرۆکەیە. بەڵام، ڕاستییەکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێت لەیادمان بیهێڵینەوە. کە ئەویش بەڵێنی خودایە بۆ گەلی ئیسرائیل: (کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم.)

بۆچی نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل نەمردن لەگەڵ ئەوانی میسرییەکان؟ ئەوان نەمردن لەبەر ئەوەی خودا دەرگایەکی ڕزگاری بوونی بۆیان کردەوە لە ڕێگای خوێنی بەرخێك. خودا ڕایگەیاند کە نۆبەرەکان لە مردن ڕزگاریان دەبێ لەو ماڵانەی کە چوارچێوەی دەرگاکانیان بە خوێنی بەرخ سوور کراوە. بەڵام هەر ماڵێك کە چوراچێوەی دەرگاکەیان بە خوێن سوور نەکرابێت، ئەوا نۆبەرەکەیان دەمرێت!

ئەگەر گەنجێك لەنێوان نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل پرسیاری لە باوکی بکردایە و بیوتایە، (باوکە، بۆچی دەبێت بەرخە بێ گوناهەکەمان دەبێت بمرێت؟) ئەوا باوکەکە شتێکی وای وەڵام دەدایەوە، (کوڕم، وەك خۆت دەزانی خودا ئیدانەی هەموو نۆبەرەیەکی کردووە لەم خاکەدا. لەبەر گوناهەکانمان، هەموومان شایەنی دادوەری خوداین. بەڵام، خودا بە بەزەیی خۆی، پێمان دەڵێت ئەگەر بەرخێکی بێ عەیب بکەین بە قوربانی، وە خوێنەکەی بساوینە چوراچێوەی دەرگاکانمان، ئەوا مردنەکە پەلامارمان نادات. بەرخەکە دەبێت بمرێت، لەبەر ئەوەی سزای گوناه مردنە. خودا ڕاستودرووستە و ناتوانی بە ئاسانی چاو بپۆشێ لە گوناهەکانمان. بەرخەکە شوێنی تۆ ئەگرێت. لەباتی تۆ دەیکەین بە قوربانی، وەك چۆن باپیرەمان ئیبراهیم بەرانەکەی کردە قوربانی لەباتی کوڕەکەی. خودامان ڕاستودرووستە و تەماشای گوناه ناکات بە سووکی! ووشەی خودا ڕوونە بۆمان. تەنها لە ماڵمان تێ دەپەڕێ ئەگەر خوێنەکە بە چوارچێوەی دەرگاکەمانەوە بێت!)

ئەوەی دەبێت بیزانین ئەمڕۆ ئەوەیە کە لە بەرامبەر خودا، هەموو نەوەی ئادەم وەك کوڕە نۆبەرەکانی خەڵکی میسر و گەلی ئیسرائیل وان. یاسای پارسای خودا ئیدانەی هەموومان دەکات کە بمرین و ڕوو بە ڕووی دادوەری ڕاستودرووستی خودا ببینەوە. نووسراوی پیرۆز وا دەفەرموێ: بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. (ڕۆما ٣: ٢٢، ٢٣) سزای گوناه ئیدانەی تاهەتاییە، دوور لە ئامادەگی خوداوەند و شکۆی تواناکەی (٢ سالۆنیکی ١: ٩)

ئەی باشە چی بکەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت؟ خودا چۆن گوناهباران ڕزگار بکات لە سزای گوناهەکانیان بێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی خۆی دەرچێت؟ ئەمڕۆ ناکرێ باسی ئەوە بکەین، بەڵام ئەوەی پێویستە بیزانین ئەمەیە: ئەو بەرخانەی گەلی ئیسرائیل کردیان بە قوربانی بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاریان بێت هێمای ڕزگاری دەرەکە بوو ئەوەی دەبوایە بێت و خوێنی خۆی بڕێژێ بۆ دانەوەی قەرزی گوناهەکانی هەموو نەوەکانی ئادەم. سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جارێک لەبەر گوناه ئازار درا،

بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە... چونکە مەسیحی قوربانی پەسخەمان سەربڕا. (١ پەترۆس ٣: ١٨ و ١ کۆرنسۆس ٥: ٧) بۆیە، خوێنی بەرخەکە، کەوا گەلی ئیسرائیل چوارچێوەی دەرگاکانیان پێ سوور کرد بۆ ئەوەی نۆبەرەکانیان ڕزگاری بێت لە مردن، شێوەی نیشان دان بوو. وێنەی خوێنی ڕزگاری دەری جیهان دەکرد کەوا لەسەر خاچەکە دەیڕشت، بۆ ئەوەی هەر کەسێك باوەڕی پێ بکات، ڕزگاری بێت لە سزای تاهەتایی خودا.

دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە سەبارەت بە خوێنی ئەو ڕزگاری دەرە؟ ڕزگاری دەرەکە خوێنی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی خودا لە گوناهەکانت خوش بێت بێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی خۆی دەربچێت. باوەڕت بەوە هەیە کە نووسراوە سەبارەت بەو خوێنەی کە هێزی ڕزگارکردنی تۆی هەیە لە سزای ئاگری دۆزەخ وە شوێنێکت بۆ گەرەنتی دەکات لە حزووری خودا تاهەتا؟ لەو ڕۆژەی دادوەری، دادوەری سامناکی خودا بەسەر تۆدا تێ دەپەڕێ؟ یاخود وەك میسرییەکان بە سەرتدا دێت؟

دەبا خوداش بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنی و قوولترین مانای ووشەی ئاشکرا بکات کەوا بە گەلی ئیسرائیلی فەرمووی، (کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم.) (دەرچوون ١٢: ١٣)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئەی چی بەسەر نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل دێت؟ ئایا ئەوانیش وەك نۆبەرەکانی میسر دەمرن؟
٢. ئایا خودا دادوەری خاکی میسری کرد هەر وەك فەرموو بووی؟
٣. ئەی چی ڕووی دا لە ماڵی گەلی ئیسرائیلیەکان؟ ئایا خودا نۆبەرەکانیانی ڕزگار کرد لە مردن؟
٤. بۆچی نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل نەمردن لەگەڵ ئەوانی میسرییەکان؟
٥. چی بکەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت؟
٦. خودا چۆن گوناهباران ڕزگار بکات لە سزای گوناهەکانیان بێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی خۆی دەرچێت؟
٧. دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە سەبارەت بە خوێنی ئەو ڕزگاری دەرە؟
٨. باوەڕت بەوە هەیە کە نووسراوە سەبارەت بەو خوێنەی کە هێزی ڕزگارکردنی تۆی هەیە لە سزای ئاگری دۆزەخ وە شوێنێکت بۆ گەرەنتی دەکات لە حزووری خودا تاهەتا؟

٩. لەو ڕۆژەی دادوەری، دادوەری سامناکی خودا بەسەر تۆدا تێ دەپەڕێ؟ یاخود وەك میسرییەکان بە سەرتدا دێت؟

## ڕێگای ڕاست و دروستی:
## وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org